# ناساندنی پەرتووک؛ «بیردۆزێکی جیابوونەوە: لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی»

کریستۆفەر هیس وێڵمەن
وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

## وتەی وەرگێڕ

بیردۆزی سیاسی لەمەڕ مافی جیابوونەوە زۆر کۆنەپارێزە. تیۆریستە سیاسییەکان لەسەر بنەمای لیبراڵ-دیموکراسی تیۆرگەلێ جۆراوجۆریان سەبارەت بە مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان داڕشتووە. ناسراوترین بیردۆز لەم بارەوە بیردۆزی قەرەبووکەرەوەیە (Remedial Theory). بەپێی ئەم تیۆرە لە ناو دەوڵەتگەلێک کە مافەکانی مرۆڤ پارێزراوە هاووڵاتییەکان مافی جیابوونەوەیان نییە. جیابوونەوە تەنێ لە هەلومەرجێکدا دەبێتە ماف کە بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیک مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکردرێت.

گەرچی ئەم تیۆرە لە ڕواڵەتدا باش دەنوێنێت، لێ دوو کێشەی سەرەکی هەیە: یەکەم، مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای تاکگەرایی پێناسە کراون و پێمان ناڵێت کەی مافەکانی نەتەوە بێدەوڵەتەکان پێشێل کراون؛ و دووەم، لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا زۆر بەسانایی باسی مافەکانی مرۆڤ دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان. لەبەر هەندێ، لە سەدەی هاوچەرخدا هەر وەک دەبینین پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی کەمینە نەتەوەییەکان بووەتە قەیرانێکی جیددیی مرۆڤی.

لە بەرامبەردا، تیۆرێکی تر هەر لەناو لیبراڵەکاندا هاتووەتە ئاراوە کە لە پەراوێزدایە. ئەم بیردۆزە کە بێران (Beran, 1984) دایڕشتووە ناوی بیردۆزی دڵخوازگەراییە (Voluntarist Theory). ئەم بیردۆزە هەر لەسەر ئەو بنەما لیبراڵییەی کە گرنگی بە ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکان دەدات داکۆکی لە مافی پێکهێنانی جڤات دەکات، و لەسەر بنەمای ماف و ئازادیی پێکهێنانی جڤات داکۆکی لەمە دەکات کە گەر زۆرینەی خەڵک لە هەرێمێکی تایبەتدا خوازیاری جیابوونەوە بن ئەوە مافیان هەیە دەوڵەتی خۆیان پێک بهێنن، بەبێ ئەوەی پێویست بەمە بکات بیسەلمێنن کە مافەکانیان پێشێل کراوە. ئەم بیردۆزە تەنێ بۆ کەمینە نەتەوەییەکان نییە و هەر کۆمەڵێک لەخۆ دەگرێت.

دەقی خوارەوە وەرگێڕانێکە لە پێشەکیی «بیردۆزێکی جیابوونەوە: لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی» (Wellman, 2005) و بە مەبەستی ناساندنی ئەم پەرتووکە بە خوێنەری کورد بڵاو دەکرێتەوە. کریستۆفەر، نووسەری ئەم پەرتووکە، بەڕاشکاوی داکۆکی

لە مافـی جیابوونـە دەکات. ئەو هـەر نەوەک بەرایی بە دابەشـبوونی یەکلایەنـەی دەوڵەتە تەواو ڕەوایـەکان دەدات، بەڵکوو بە پێویسـتی نازانێـت کـە جوداییخـوازەکان کەمینـەی نەتەوەیی یان کۆمەڵێکی کەمینە بە کولتووری جیـاواز و تایبـەت بەخـۆ بن. دەکرێـت بڵێین بیردۆزی ئەو، وەشانێکی بەڕۆژکراوەی بیردۆزی دڵخوازگەراییـە. خاڵـی بەهێـزی ئـەم تیـۆرە ئەمەیە کە چیتر مافـی جیابوونەوە لە ڕوانگەی دەوڵەتـە سەردەسـتەکانەوە پێناسـە نـاکات، بەڵکوو پێناسەکردنی ئەم مافە دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمینەکان و نەتەوە بێدەوڵەتەکان.

## پێشەکیی پەرتووک

ئـەم پەرتووکـە هـەوڵ دەدات داکۆکییەکـی بێکەمایەسی و ڕاشکاوانەیە لە مافی جیابوونەوە بخاتە بەردەست. بەتایبەتی، بەڵگاندن بۆ ئەمە دەکات کە هەر کۆمەڵێک تا کاتێک جیابوونەوە سیاسـییەکەی، خۆی و دەوڵەتی پاشـماوە لە هەلومەرجێکدا بهێڵێتەوە کە توانایی ڕاپەڕاندنی ئەرکـە سیاسـییە گەوهەرییەکانیـان هەبێت، مافێکی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە هەیە.

بۆ باس لەسـەر ئـەم تێـزە دۆخـی کەمایەتی داشـکاندنی بابەتەکەیـە. گەرچـی هەنووکـە خەریکـە گۆڕانکاریـی قووڵ بەسـەر دۆکترینە دوانەییەکانـی سـەروەریی دەوڵـەت و یەکپارچەیی خاکدا دێـت، و گەرچی زۆرینەی تیۆریستەکان ئێسـتاکە دان بەمەدا دەنێن کە گرووپێـک کاتێک لـە ئاکامـی نادادپەروەریی درێژخایـەن و قـووڵ بە دەسـتی دەوڵەتەکەی خەسـاری پێگەیشـبێت، دەکرێـت مافێکـی قەرەبووکـەرەوەی بـۆ جیابوونـەوە هەبێت، لێ ئاماژەدان بەمەی کە هـەر گرووپێک، تەنانەت لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکەی بە هیچ شـێوازێک بـە زۆرداری و نادادپـەروەری هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا نەکردبێـت، مافـی جیابوونـەوەی

هەیە هێشـتا گەلێک جێی مشـتومڕ ماوەتەوە. هەروەهـا، گریمانەی زۆرینەی ئەو کەسـانەی پشـتیوانی لـە مافـی سـەرەتایی جیابوونەوە دەکـەن ئەمەیـە کـە ئـەم چارەیخۆنووسـینە سیاسـییە دەبێت لەژێر یەک دروشـم و ئاڵای ناسیۆنالیسـتیدا بێـت. کەواتـە، ڕوانگەی من دووهێندە مشتومڕورووژێنە: هەر نەوەک بەرایی بـە دابەشـبوونی یەکلایەنـەی دەوڵەتـە تەواو ڕەوایەکان دەدات، بەڵکوو بە پێویستی نازانێت کـە جوداییخـوازەکان کۆمەڵێکـی کەمینە بە کولتووری جیاواز و تایبەت بەخۆ بن.

کراوەبوونی ئانارکیستێک لە هەمبەر کەرتبوونی دەوڵەت سەرسـووڕهێنەر نییە، لێ من هاوکات لەگـەڵ دەوڵەتخوازبوونم داکۆکی لە مافەکانی جوداییخوازەکان دەکـەم. هەروەک لە درێژەی بابەتـدا ڕاڤەی دەکەم، هیـچ لێکدژییەک یان تەنانەت خاڵێکی کێشـەخوڵقێن سـەبارەت بە بەهـادان بـە دەوڵەتـە ڕەوایەکان، لـە لایەک، و بەرایـیدان بـە دابەشـبوونیان، لـە لایەکـی تـرەوە، بوونـی نییە. هـەر ئەمەی کـە دەوڵەتە سیاسـییەکان بـە هـۆی ئەرکگەلـێ (میناک گەرەنتیکردنـی ئاشـتییەکی بێکەموکوڕی) بە بایەخدار و خاوەن بەها پێناسـە دەکردرێن کە بەدیاریکراوی لێهاتوویی و شیانی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانەیان هەیە، ڕوونی دەکاتەوە کە دەشـێت سـنوورە ئۆلکەییەکانـی دەوڵەتە هەبـووەکان بەڕێگاپێـدراوی سـەرلەنوێ داڕێژرێنـەوە، بـە مەرجێک نە پرۆسەکە و نە دەرەنجامەکانی ئەم سەرلەنوێ داڕشتنەوەیە کۆسپ و لەمپەڕ نەخاتە بـەر بەرهەمهێنانـی بەرژەوەندییـە سیاسـییە گەوهەرییـەکان. بەکورتـی، هیـچ خاڵێـک سـەبارەت بە پێداگری لەسەر گرنگیی دەوڵەت بوونی نییە کـە ناچارمان بـکات دەوڵەتەکانی ئێسـتاکە لە فۆرم و چوارچێوەی هەنووکەییاندا بهێڵینـەوە. هەروەهـا، هەر کە کەسـێک دان بەمـەدا بنێت کـە دەکرێـت بەڕێگاپێـدراوی پێکهاتەی دەوڵەتەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت،

ئەم پرسـیارە دروسـت دەکات کە چما سنووره ئۆلکەییەکانـی ئـەم دەوڵەتانە لەسـەر بنەمای حەز و ویسـتەکانی دانیشـتووانیان سەرلەنوێ دانەڕێژرێنەوە. بێ شـک، مەیسەر نییە بتوانین سـنووره سیاسـییەکان بـە شـێوازێک دیاری بکەینـەوە کە لەگەڵ ویسـتی گشـت تاکێک بگونجێت، لـێ ئەمە وا ناگەیەنێـت کە دەبێت ڕێگری لـەو گۆڕانکارییانە بکەین کە ڕێژەیەکی زۆرتـری خەڵـک دڵخـۆش دەکات. بەکورتی، ئەگەر لای کەسێک چارەیخۆنووسین بایەخدار بێت، هۆکارگەلێ بەپێز بۆ گەیشـتن بەم ئاکامە هەیە کـە خەڵک مافیان هەیە خۆیان سـنووره سیاسـییەکانیان دیاری بکەن. بێ گومان، ئەم هۆکارانە پەیوەسـتن بەمەی کە قورسـاییەکی زۆرتریان هەبێت، بەڵام بۆلگاندن بۆ ئەمە دەکەم کە تا کاتێک، بەبێ چێببوونی مەترسـی لەسەر [ڕاپەڕاندنی] ئەرکە سیاسـییە گەوهەرییەکان، بکرێـت سـنووره سیاسـییەکان سـەرلەنوێ داڕێژرێنەوە، ئەم هۆکارانە بەگشتی قورسایی و بایەخی زۆرتریان نییە.

بەر لـە باسـکردنی پوختەیەک لە بەشـەکانی ئـەم پەرتووکـە، بهێڵـن ڕاشـکاوانە دان بە دو تایبەتمەندیـی ڕوانگـەی خۆم بنێـم. یەکەم، ئارگیومێنتی من مەرجدارە: ئاماژە بەمە دەکەم کـە ئەگـەر چارەیخۆنووسـین بایەخـدار بێت، مافێکی سـەرەتایی بۆ جیابوونـەوە لە دەوڵەتە ڕەوایەکان بوونی هەیە. ئەو کەسانەی لە گرنگیی چارەیخۆنووسین بەگومانن و دەیان هەوێت ئەم کتێبە بخوێننەوە، لەمدا داکۆکییەکی چڕوپڕی لێ نادۆزنـەوە. بەپێچەوانە، بەبـێ بەڵگاندن وا گریمانەی دەکەم کـە، گەر بارودۆخەکە بەپێی چاوەڕوانییەکان بێـت و فاکتەرەکانی تر نەگۆڕ بن، دەبێت خەڵک لە نووسـینی [چارەنووسی] ژیانـی خۆیان سەربەسـت بـن. ئامانجی ئەم پەرتووکـە ئەمەیە لەم گریمانـە مامناوەندییەوە بەڵگانـدن بـۆ دەرەنجامگەلێ سـەرنجڕاکێش سـەبارەت بـە مۆڕاڵیتیی کەرتبوونـی دەوڵەت بکات. لەبەر هەندێ، بێ شک ئارگیومێنتی من لای ئەو کەسـانە هیچ ناهێنێت کە لەگەڵ ئەم بۆچوونـەی من هاوڕا نین کە ئەم پێشـگریمانە سەرەتاییە مامناوەندی و قەبووڵکراوە.

دووەم، ئیـزن بدەن جەخت لەمـە بکەمەوە کە لێـرەدا داکۆکی لە «مافـی جیابوونەوە» دەکەم نـەوەک «جیابوونـەوە» خـۆی. جەخـت لـەم جیاوازییە دەکەمەوە چونکە خۆم بەمسـۆگەری لایەنگـری جیابوونـەوە نیم. گەرچـی بەڕوونی دۆسیەگەلێک هەن کە تیایاندا بە دابەشبوونی دەوڵەتە هەنووکەییەکان ژیانی کەسانێکی زۆر بە شێوازێکی بەرچاو باشتر دەبێت، لێ تامەزرۆی دونیایەکی تەژی لە یەکەی سیاسیی گچکەی لەهەژماربەدەر نیم کە لە ناوخۆدا هاوچەشنیی زۆتریـان هەیە. بەپێچەوانـە، گومان دەکەم کە ئەگەر دەوڵەتەکان بـەردەوام بن لە پێکهێنانی یەکێتیگەلێ بەرینـتر و گەورەتری نێودەوڵەتی (ئەگەر تەنانەت پێکەوەلکاندنی یەکجارەکیش دەسـتەبەر نەبێت) کە ڕۆڵ و بایەخی سـنووره سیاسـییەکان بۆ ئامانجگەلێکی وەک سەفەر، ئاڵوویـری بازرگانـی، کۆچکردن، سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی ئابـووری، و تەنانەت کولتوور کەم کەنـەوە، وێ دەچێـت ژیانـی مرۆڤەکان باشـتر ببێـت. سـەرەڕای ئەمەش، هـەروەک کەسـێک داکۆکـی لـە مافـی جیابوونـەوەی بێسـووچ و بە ڕێکەوتن بۆ دوو هاوژین دەکات، تەنانـەت ئەگـەر پێداگـر بێـت لەسـەر ئـەم بڕوایەی کە مـرۆڤ زۆربەی کات لـە هەڵەدایە کە جیابوونـەوە هەڵدەبژێرێت، منیش هاوکات لەگەڵ لایەنگرینەکردن لە دابەشبوونی دەوڵەت داکۆکی لە مافی جیابوونەوە دەکەم. سـاکاری کەمەوە، ئەمەی کە ژیرانەیە بۆ کەسـێک کە X ئەنجام بدات بابەتێکـی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە مافێکی ئەخلاقییەتی کە X بەکردەیی بکات. ئێمە زۆرجار بە شێوەی ئەخلاقی ماف دەدەین بە کارێک کە بە شـێوازگەلێ ئەنجام بگیردرێت کە زۆرتریـن بەرژەوەندیی ئێمەیـان تێدا نییە،

و منیش لێرەدا داکۆکی لە مافی جیابوونەوە دەکەم بەبێ ئەوەی کە هیچ دڵنیاییەک بدەم کە حیزبە جیاییخوازەکان تەنێ بۆ ئەو دۆسیانە کەڵک لەم مافە وەردەگرن کە لە لایەن من (و کەسانێکی تر) ڕێگەی پێ درابێت.

لە بەشی دووەمی ئەم پەرتووکەدا، بە ناونیشانی «لەمەڕ دەوڵەتخوازی»، پێشانی دەدەم کە ناکرێت بۆ ڕاپەڕاندن و بەکردەییکردنی مافەکانی جیاییخوازان تەنێ پەنا ببەینە بەر ئازادیی جڤاتەکان. چەند هۆکارگەلێکی تۆکمە بۆ ڕێگەدان بە خەڵک هەن کە جڤاتەکانی خۆیان هەڵبژێرن، لێ داکۆکییەکی نەشیاو لە ئازادیی جڤاتەکان ڕێگەخۆشکەری ئانارکیسمە. دەوڵەتخوازی لەگەڵ ئازادیی بێمەرج و بێسنووری جڤاتەکان ناکۆکە، چونکە دەوڵەتەکان دەبێت یەکپارچەیی خاکیان هەبێت تا ئەرکە گەوهەرییەکانیان ڕاپەڕێنن، و گەر دەوڵەتەکان تەنێ زەخت لەو هاووڵاتییانە بکەن کە بەسەربەستی ڕەزامەندییان هەیە، ئەم یەکپارچەییە مەیسەر نابێت. لە کۆتاییدا، کەواتە دەبێت لە نێوان دەوڵەتە سیاسییە سەقامگیرەکان و ئازادیی نەشیاو و بێسنووری جڤاتەکان یەکیان هەڵبژێرین. ئانارکیستە لیبەرتارییەکان ئاماژە بەمە دەدەن کە ئەم دووڕیانی هەڵبژاردنە نیشان دەدات کە چما گشت دەوڵەتە هەنووکەییەکان ناڕەوان، لێ من بەڵگاندن بۆ ئەمە دەکەم کە پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەم باسە دێنمە ئاراوە کە ڕەوایی ئەو دەوڵەتانەی لەڕووی ئۆلکەیی و خاکەوە پێناسەکراون هێمایە بۆ ئەمەی کە دەبێت ئازادیی جڤاتەکان لە بەستێنی سیاسیدا لێکدانەوەی بۆ بکردرێت و ئەمەی کە، وەک دەرەنجامێک، نەشیاوە لەسەر بنەمای مافێکی ڕەها بۆ ئازادیی جڤاتەکان مافگەلێ بێسنوور بۆ جیابوونەوە جێگیر بکردرێن.

بەشی سێیەم، «بەهادان بە چارەیخۆنووسین»، بەشی سەرەکیی ئەم پەرتووکەیە. لەم بەشەدا شی دەکەمەوە کە پابەندبوون بە دەوڵەتخوازی ملکەچمان ناکات لە بایەخی چارەیخۆنووسین ڕوو وەرگێڕین. ڕاستە کە ناکرێت کەسێک بە بەردەوامی پشتگیری خۆی بۆ دەوڵەتە سیاسییەکان دەرببڕێت و هاوکات دان بە مافە بێسنوورەکانی جوداییخوازاندا بنێت، لێ ئەمە ناگەیەنێت کە ناکرێت هیچ مافێکی بنەڕەتی بۆ جیابوونەوە بوونی هەبێت. بە سەرنجدان بە شیکردنەوەی ڕەوایی سیاسی کە لە بەشی دووەمدا خراوەتە ڕوو، پێشنیار دەکەم کە دەبێت ڕێگە بەو جیابوونەوانە بدەین کە لە هەمبەر بەرهەمهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییە گەوهەرییەکان بەربەست نابن. کەواتە، ئەم باسە دەخەمە ڕوو کە گشت ئەو کۆمەڵە جوداییخوازانەی کە دەتوانن بەلێهاتوویی ئەرکە سیاسییە گەوهەرییەکان ڕاپەڕێنن (و دەوڵەتانی پاشماوەی خۆیان لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیر بەجێ دەهێڵن) مافێکی بنەڕەتییان بۆ جیابوونەوە هەیە. خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە، تەنانەت ئەگەر بەرژەوەندییەکانی سەقامگیریی سیاسی بە ڕادەیەک گرنگ بن کە قورسایی و بایەخیان لە داخوازییە دژبەرەکانی [ئەم سەقامگیرییە] بۆ ئازادیی جڤاتەکان زۆرتر بێت، چارەیخۆنووسین هێشتا پڕبایەخ دەمێنێتەوە و دەبێت لەو دۆسیانەدا کە بەکردەییکردنی [چارەیخۆنووسین] ناتەبایی و ناکۆکی لەگەڵ دابینکردنی ئەو بەرژەوەندییە سیاسییانە نییە ڕێگەی پێ بدرێت. بەکورتی، بژاردەکانمان لەنێوان [دوو بژاردەی] پشوودرێژی لە هەمبەر ئاژاوە و بێسەروبەریی ئانارکیکی یان پاراستنی دەوڵەتەکانی ئێستاکە لە فۆڕم و چوارچێوەی هەنووکەییاندا سنووردار نین؛ ئەو دەوڵەتخوازانەی کە لایان چارەیخۆنووسین خاوەن بەهایە، دەتوانن و دەبێت ئاماژە بۆ بژاردەی سێیەم بدەن: سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنوورە ئۆلکەییەکانی دەوڵەتەکانی ئێستاکە بە ڕەچاوکردنی ویستەکانی پێکهاتەکان تا ئەو

کاتەی ئەم سەرلەنوێ سازدانەوەیە کێشە بۆ بەرژەوەندییەکانی سەقامگیریی سیاسی چێ نەکات.

لە بەشی چوارەمدا، «لینکۆڵن لە هەمبەر جیابوونەوە»، بە تیشکخستنە سەر دژایەتییەکانی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ داخوازی کۆنفیدراسیۆنی ئەمریکا بۆ جیابوونەوە، تاووتوێی هەڵوێستی ڕەوام لەمەڕ دابەشبوونی یەکلایەنەی دەوڵەت دەکەم. ڕاڤەکردنی ئەم مژارە فێرکارانە و بەکەڵکە، نەتەنێ بە هۆی ئەمەی کە پێشان دەدات چلۆن بیردۆزی من بۆ جیابوونەوە ئاماژە بە ناکۆکییەکی جیاییخوازیی ڕاستەقینە دەدات، بەڵکوو چونکە ئەمە ناچارم دەکات بەرهەڵستی دژایەتییەکانی لینکۆڵن بۆ دابەشبوونی دەوڵەت بدەمەوە، کە بەشێکە لەمەی تا ئەمڕۆش جەماوەری زۆرە. پاش شیکردنەوەی دە تانەی لینکۆڵن لە بزاڤی سەربەخۆییخوازی باشووری ئەمریکا [لە ساڵەکانی ١٨٦١ تا ١٨٦٥دا]، شی دەکەمەوە کە هیچ کامیان لۆژیکی و جێی قەناعەت نین. لە دواییدا دەگەمە ئەم ئەنجامە کە، گەرچی ئارگیومێنتەکانی لینکۆڵن خۆبەخۆیان تەواوکەر نین، ڕوونکردنەوەی من ڕێگەپێشاندەرە بەرەو ئارگیومێنتێکی بەدیل کە باشتر ئەمە شی دەکاتەوە کە چما یەکێتی پاساودەری بەرەنگاربوونەی جیابوونەوەی سیاسی بووە.

لە بەشی پێنجەمدا، «ڕاستی لە ناسیۆنالیزمدا»، بەڵگە دەهێنمەوە کە پێویست ناکات گرووپێک نەتەوەیەکی کولتووری بێت تا شیاوی کەڵکوەرگرتن لە مافی جیابوونەوە بێت. بە شێوازێکی نەریتی، زۆرینەی لایەنگرانی پڕهەراوهوریای چارەیخۆنووسینی سیاسی ئەو ناسیۆنالیستانە بوون کە ئیدعا دەکەن هەر نەتەوەیەک مافی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی هەیە. دان بەمەدا دەنێم کە بەگشتی گرووپە نەتەوەییەکان زۆرترین خولیایان بۆ چارەیخۆنووسینی سیاسی هەیە، لێ شی دەکەمەوە کە تایبەتمەندییە کولتوورییەکان خاڵی سەرەکیی ململانێکان و پرسی جوداییخوازی نین. لە ڕوانگەی منەوە، لێهاتوویی سیاسی گرنگترین خاڵە، و نەتەوەبوونی گرووپێک لەوپەڕیدا دەوری فاکتەری دووەم لە شیان و لێهاتووبوونی بۆ مافی جیابوونەوە دەبینێت، بەتایبەت لەو دۆسیانەدا کە سەرکۆڵەکەی کولتووریی گرووپەکە هێزی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسییە گەوهەرییەکان خستبێتە گەڕ.

لە بەشی شەشەمدا، بە ناونیشانی «زۆرەملێ و چەوساندنەوەی سیاسی»، تیشک دەخەمە سەر ئەم نیگەرانییە کە دانپێدانانی فەرمی و دامەزراوەیی بە مافی جیابوونەوە، بە ئیزندانی کۆمەڵە کەمینەکان بۆ هێشتنەوەی هاونیشتمانییانیان لە دەستبەسەریدا، بڕیاردانی دێموکراتییانە بە لاڕێدا دەبات. نیگەرانییە سەرەکییەکە لێرەدا ئەمەیە کە کۆمەڵەکان، بەم هەڕەشکەردنە کە لە حاڵەتێکدا کە داواکانیان وەدی نەیێت جیا دەبنەوە، دەتوانن هاووڵاتییانیان ناچار بکەن و/یان بە سوودوەرگرتنی زۆرتر لە ڕادەی پشکی دادپەروەرانەی خۆیان لە بەرژەوەندییەکانی هاوبەشیی سیاسی، ئیستیسماریان بکەن. لە وەڵامدا، دان بەمەدا دەنێم کە لەوانەیە دینامۆی بڕیاردانی سیاسی بگۆڕدرێت، و لەوانەشە ئەو کۆمەڵانە هەندێ جار بۆ بەرژەوەندیی خۆیان توانایان بۆ هاتنەدەر بقۆزنەوە، لێ (پاش پێشکەشکردنی شرۆڤەیەک لە مۆڕاڵیتیی زۆرەملێ و چەوساندنەوە) ئاماژە بەمە دەدەم کە بیردۆزی من بۆ جیابوونەوە ڕێگە بە گرووپێک نادات بە شێوەیەکی کاریگەر و ئەوتۆ زۆرەملێ لە هاونیشتمانییانی بکات یان بیانچەوسێنێتەوە. هەروەها، تا ڕادەیەکی زۆر ئەم گۆڕانکارییانە بە هۆکارگەلێ تەیار و دەستەبەرکراو لە بەرژەوەندیی بەفەرمیناسینی یاسایی مافی جیابوونەوە دەزانم. بە بۆچوونی

مـن، دیموکراسـییەکان ئێسـتاکە خەوشـدار و گەندەڵـن و دەشـێت بـە گەشـەپێدان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بانـدۆری سیاسـیی گرووپـەکان، کە وێ دەچێـت لەگەڵ مافێکی کاریگەر بۆ چوونەدەردا بن، چاکسـازییان تێدا بکردرێت.

لـە بەشـی حەوتەمـدا، «جیابوونـەوە و مافـی نێونەتەوەیـی»، ئەم مـژارە تاوتـوێ دەکەم کە گەلۆ باشترین سیستەمی یاسایی نێونەتەوەیی بەفەرمی دان بە مافی ئەخلاقیی جیابوونەوەدا دەنێـت و ئەم مافە دەسـەپێنێت. بـە بەڵگەوە پێشـانی دەدەم کـە مافـە ئەخلاقییـەکان بـۆ جیابوونـەوە بـاری لۆژیکیـی بەڵگانـدن و سـەلماندن دەخەنە ئەسـتۆی ئەوانەی نکۆڵی لـە چارەیخۆنووسـینی سیاسـی دەکـەن، و هەروەهـا ئەمـەی کـە چەنـد هۆکارێـک بـۆ گومانکردن لەمە هەن کـە دڕدۆنگەکان بتوانن لـە بەرژەوەندیـی ئازادیـی سیاسـی هەرەس بـەم پێشـگریمانە بهێنن. لـە کۆتاییـدا، دان بەمـەدا دەنێم کـە ئەمـە پرسـیارێک نییە کە تەنـێ لـە لایـەن فەیلەسـووفەکانی ئەخلاق باشترین وەڵامی پێ بدرێتەوە؛ پسپۆڕانی مافی نێونەتەوەیی، کۆمەڵناسـان، و تیۆریسـتەکانی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بەشـێک لـەو کەسـانەن کە بۆ وەڵامدانـەوەی هەندێک لەم پرسیارە ئەزموونییانەی کە دەبێت بە ئاراستەی یەکلاییکردنـەوە و چارەسـەرکردنی ئەم پرسـە بورووژێندرێـن تەیارتـرن. سـەرەڕای ئەمەش، تەنانەت ئەگەر لامان ڕوون بێتەوە کە بێمشووری و تەنانەت نابەرپرسیارێتی بێت کە لەم قۆناغەدا مافـی جیابوونـەوە لـە مافـی نێونەتەوەییـدا بەفەرمـی و دامەزراوەیـی بکردرێـت، ئەمـە وا ناگەیەنێت کە لە ئێسـتادا مافـە ئەخلاقییەکە بوونی نییە یان ئەمەی کە نابێت کار بۆ ڕیفۆڕمی ئـەو بکەرە نامۆڕاڵـە نێودەوڵەتییانـە بکەین کە لە ئێسـتادا بەفەرمیکردنی چارەیخۆنووسـینی سیاسییان نەشیاو و نالەبار کردووە.

لە کۆتاییدا، لە بەشـی هەشتەم، بە ناونیشانی «ئاڵوگـۆڕی مەخمـەری»، بەربوورییەکـی گەشـبینانە دەخەمـە ڕوو: ئێمـە دوور نیـن لـەو ڕۆژەی کـە تیۆریسـتەکان و ئەکتـەرە نێودەوڵەتییەکانی بواری ڕامیاری ڕێز لە گرنگیی چارەیخۆنووسینی سیاسی بگرن، و کاتێک ئەو ڕۆژە گەیشت، گرووپەکان دەنگ بە جیابوونەوە نادەن. هیوا و چاوەڕوانیی من ئەمەیە کە ئەگەر سەرهەڵدانی بەردەوامی هاوکاریی نێودەوڵەتی، مافـی نێونەتەوەیـی، دیموکراسـی، مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی گرووپەکان و چارەیخۆنووسین بەرەبەرە ئاڵوگۆڕ لە دیمەنـی نێودەوڵەتی پێک بهێنێت، بینـەری کەمبوونەوەی پەیوەندیداری نادادپـەروەری، سـکاڵاکانی کۆمەڵـەکان، تامەزرۆیـی جوداییخـوازان و، لـە هەمـووان بەرچاوتر، بایەخی سـەروەریی دەوڵەت دەبین. لە ئەوهـا دۆخێکـدا، بەمەی کـە دەوڵەتەکان کەمتر بەرهەڵستی بزاڤە سەربەخۆییخوازەکان دەبنەوە و لە بەرامبەردا پاڵنەرەکان بۆ گەیشتن بـە دەوڵەتی سـەربەخۆ کەم دەبنـەوە، هەموو هەلومەرجێک بۆ چاوەڕوانیی دامرکانی گرژیی بارگاویکـراو بـە ململانێکانـی جیاییخـوازی دەرەخسێت.

---

Beran, H. (1984), A Liberal Theory of Secession. *Political Studies, 32*, 21-31. doi:10.1111/j.1467-9248.1984.tb00163.x

Wellman, C. H. (2005). *A Theory of Secession: The Case for Political Self-Determination* (1st ed.). New York, NY: .Cambridge University Press